# هەموو جومگەیەک لە جومگەکانی لاشەی مرۆڤ خێرێکی لەسەرە

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو جومگەیەک لە جومگەکانی لاشەی مرۆڤ خێرێکی لەسەرە، هەموو ڕۆژێک کە خۆری تێدا هەڵبێت ؛ دادپەروەری بکات لە نێوان دوو کەسدا ئەمە خێرێکە، ویارمەتی کەسێک بدات بۆئەوەی خۆی یان شتومەکەکانی بخاتە سەر ئاژەڵەکەی ئەمە خێرێکە، وتەی جوان وشیرین خێرێکە، وهەموو هەنگاوێک بنێت بۆ نوێژکردن (لە مزگەوت) خێرێکە، وئازار لەسەر ڕێگاوبان لابدات خێرێکە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەموو مسوڵمانێك کە ئەرکە شەرعیەکانی لەسەر واجبە دەبێت بەرامبەر هەر جومگەیەك لە جومگەکانی لاشەی خێری سونەت بکات لەپێناو خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، ئەمیش بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری لەسەر لەش ساغبوونی، و لەسەر ئەوەی دەتوانێت جومگەکانی گرژ وخاو بکاتەوە، ئەم خێرکردنە بە هەموو کارە چاکەکان دێتە دی، ونەوەستاوە تەنها لەسەر بەخشینی پارە، لەوانەیش: ناوبژیوان وپێکهێنانەوەی ئەوانەی ناکۆکن لە نێو یەکدا خەیر وچاکەیە یارمەتیدانی ئەو کەسەی ناتوانێت بچێتە سەر سواریەکەی یان ناتوانێت شتومەکانی بخاتە سەر سواریەکەی ؛ خێرە وچاکەیە قسەی جوان وشیرین لە زیکر ونزا کردن وسەلامکردن وهتد ؛ خێرە وچاکەیە هەموو هەنگاوێك دەنێت بەرەو مزگەوت ؛ خێرە وچاکەیە لابردنی شتی ئازاردەر لەسەر ڕێگاوبانەکان ؛ خێرە وچاکەیە

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4568